# چەند ڕاستکردنەوەیەکی "مێژووی ئەگیل و پالوو" لە "ژەیل"ی "شەمعی"دا بۆ شەرەفنامەی بدلیسی

مەنسوور سدقی
(ئەڵمانیا)

(١ - ٢)

**پێشەکی**

لێکۆڵەری مێژووی کورد و کوردستان، ئەنوەر سوڵتانی، پەڕتووکێکی بە ناوی "دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی" ئامادە کردبوو کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، بنکەی ژین لە سلێمانی لە توێی کتێبێکی ١٨٠ لاپەڕەییدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

ئەنوەر سوڵتانی دەڵێ لە بەدواداچوونەکانیدا بۆ دۆزینەوەی دەستنووسەکانی شەرەفنامە لە ئەرشیڤخانەکاندا، "بەختی ئەوەم هەبووە دەستم بەو دوو ذەیلە ڕابگات و بڵاویان بکەمەوە: ذەیلی یەکەم، «شەمعی» ناوێک نووسیویەتی کە ٨٢ ساڵ دوای شەرەفنامە کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی تورکی و مێژووی شەرەفخانی، لە باسی ئەمیرانی ئەگیل و پالوودا، تا سەردەمی خۆی درێژە پێ داوە"(١).

ئەنوەر سوڵتانی کە ئەم دوو ذەیلەی کردووە بە کوردی و پێشەکی و هەندێک پەراوێزیشی لەسەر نووسیوە، هاوکات لە "ذەیلی شەمعی"دا، هەندێک ناوی کەسایەتی و شوێنی جوگرافی بۆ ساخ نەبووەتەوە. لەم نووسراوەدا هەوڵ دراوە ڕۆشنایی بخرێتە سەریان کە بریتین لە ٩ ناوونیشان:

١- قەڵای "چەهرین"،

٢- شارۆچکەی "بەندەر"،

٣- شارۆچکەی "بەند"،

٤- ناوچەی "ئووزی سوو"،

٥- سەرکردەیەکی سوپای ڕووس بە ناوی "ڕمدانسقۆ"،

٦- سەرکردەیەکی سوپای ڕووس بەناوی "سرکە، یان سیرکە" (کە ڕووس نەبووە و ئۆکراینی بووە)،



**سێرکۆ نامە بۆ سوڵتانی عوسمانی دەنووسێ**

٧- سەفەری "لیح"،
٨- قەڵای "قماینە"،
٩- قەڵای خوتەن.

بێکەڵک نابێ ئەگەر لێرەدا باسی چۆنیەتی بەدواداچوون بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکانی ئەو ناوانە بکەین.

کلیلی دۆزینەوەکە بۆ شەڕەکانی نێوان عوسمانی لەگەڵ ڕووسیا و "لیح" دەگەڕێتەوە. "شەمعی" لە بەسەرهاتەکانی ئەم شەڕانەدایە کە ئاماژە بەو کەس و شوێنانە دەکات.

بەپێی پۆلێنبەندی شەڕەکانی ڕووس- عوسمانی لە سەرچاوەکانی ڕووسیدا، ١٢ شەڕ و پێکدادانی گەورە لەنێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا ڕوویان داوە کە یەکەمیان لە ساڵانی ١٥٦٨ - ١٥٧٠ی ز و دوایین شەڕیش لە ساڵانی ١٩١٤ - ١٩١٨ی زایینی (یەکەمین جەنگی جیهانی) قەوماون و لە سێ شەڕدا(٢) عوسمانی و ٧ شەڕدا ڕووسیا(٣) سەرکەوتوون و دوو شەڕیش(٤) بۆ هەردوولا بێ ئاکام بووە. ئەم شەڕانە "بۆ داگیرکردنی ڕۆخی باکووری دەریای ڕەش، باکووری قەوقاز ڕوویان داوە و دواتریش بەرەو باشووری قەوقاز پەرەی سەندووە(٥).

کەوابوو شەڕی گرتنی قەڵای "چەهرین" دەبێتە یەکێک لە ڕووداوەکانی دووەم شەڕی مەزنی نێوان عوسمانی و ڕووسیا لە نێوان ساڵانی ١٦٧٢-١٦٨١ی ز.دا. سەبارەت بەو شەڕانە، بەتایبەت شەڕی گرتنی قەڵای "چەهرین" گەلێک بابەت و کتێب بە زمانی ڕووسی نووسراون و ڕێک لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەیە کە واتای ڕاستەقینەی هەندێک لەم ناوونیشانانە ڕاستەوخۆ و هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆ دەردەکەون و ساخ دەبنەوە.

پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە شەڕی ڕاستەوخۆی هێزەکانی عوسمانی بۆ داگیرکردنی قەڵای "چەهرین" کە لەژێر دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری بووە، دوو جار ڕووی داوە. یەکەم جار لە کۆتایی مانگی مای ١٦٧٧ی ز.دا، بە فەرمانی سوڵتان محەمەدی چوارەم، هێزەکانی عوسمانی بەسەرکردایەتی "ئیراهیم محەمەد عەلی پاشا" و سوپای خانی "کریمە" دەگەڵ هێزەکانی "گێتمان"ێکی(٦) ئۆکراینی ناوچەکە کە دەستنیشاندەی دەوڵەتی عوسمانی و دژی دەسەڵاتی ڕووسیای قەیسەری بووە لە ناوچەکە، بە ناوی "پێتر دۆرۆشینکۆ"، قەڵای "چەهرین" گەمارۆ دەدەن، بەڵام پاش شەڕێکی دژوار لەگەڵ هێزەکانی ڕووسیا لە ٢٠ کیلۆمەتری باکووری قەڵاکەدا(٧)، هێزەکانی عوسمانی و هاوپەیمانەکانی تێک دەشکێن و ناچار دەست لە گەمارۆی قەڵای "چەهرین" هەڵدەگرن و پاشەکشە دەکەن(٨)، بەڵام خۆیان بۆ شەڕی دووم ئامادە دەکەن. هێرشی دووەمی عوسمانی بۆ داگیرکردنی قەڵای "چەهرین" ڕێک ساڵێک دواتر و لە ساڵی ١٩٧٨ی زایینیدا، ڕووی داوە.

"شەمعی" لە "ژەیڵ"ـەکەی خۆیدا، تەنیا باسی گەمارۆ و شەڕی دووەم بۆ داگیرکردنی قەڵای "چەهرین" دەکات. نووسەر بێ گومان بۆخۆی دەگەڵ نەبووە و لە کەسانی بەشداربوو لە سوپای دوو میرنشینی "ئەگیل" و "پالوو" ڕووداوەکانی بیستووە. لەوانەشە لە شەڕی یەکەمدا، سوپای ئەم دوو میرنشینە بەشدار نەبووبن؛ یان چونکە لە شەڕی یەکەمدا هێزەکانی عوسمانی شکاون، "شەمعی" باسی نەکردووە، لەوانەشە گەلێک هۆکاری دیکەش هەبووبن کە لێکۆڵینەوەی تایبەتی پێویستە.

**١) چەهرین**

لە ژێرنووسی ژمارە (٤)ی لاپەڕەی (٣٧)ی "دوو ذەیل"دا، ئەنوەر سوڵتانی بەم شێوەیە "چەهرین" لێک دەداتەوە:

"شوێنایەتی «چەهرین» ڕوون نییە، بەڵام ئاشکرایە دەبێ جیاواز بێت لە «چاری»، یان «چەهرین» لە دەوروبەری سەڵماس کە ناوەندی ڕاپەڕینی سمکۆ بووە".

نێوەندی دەسەڵات و ڕاپەڕینی سمکۆ (١٩١٩-

١٩٣٠ی ز) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە "قەڵای چەهربق" بووە و جیاوازە لە "قەڵای چەهرین" کە "شەمعی" باسی کردووە.

"چەهرین"، شارۆچکە و قەڵایەک بووە، ئیستاش هەر ماوە و ڕێک لەسەر ڕووبارێک هەڵکەوتووە بە ناوی "تیاسمین" کە لەلای ڕاستەوە دەڕژێتە نێو ڕووباری مەزنی "دنێپەر" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئۆکراینیا. ئەم شارە ئێستا نێوەندی پارێزگای "چرکاس"ـە و بە "چیگیرین" دەناسرێ، واتە ناوی "چەهرین" لە زمانی ڕووسیدا بۆ "چیگیرین" گۆڕاوە (دەنگی "ه" لە ڕووسیدا دەبێ بە "گ"، هەڵبەت هەندێک جاریش، "خ")، بەڵام بە زمانی ئۆکراینی کۆن و پۆڵۆنی، تەنانەت تورکیش هەر هەمان "چەهرین" دەنوسرێ و دەخوێنرێتەوە. وادیارە گەلێک لە زمانەکانی دیکەش ئەم ناوەیان لە ڕووسییەوە وەرگرتبێ، بۆیە کەمتر وەک "چەهرین" لە سەرچاوەکاندا تووشی دەبین(٩).

قەڵای "چەهرین" گرینگی تایبەتی هەم بۆ ڕووسەکان و هەم بۆ عوسمانییەکان هەبووە، ئەم ناوچەیە لەسەر ڕێگەی بازرگانی نێوان "کییەڤ"، دەریای ڕەش و نیمچەدوورگەی "کریمە" هەڵکەوتبوو و عوسمانییەکان بە داگیرکردنی قەڵای "چەهرین"، لە ئاراستەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەم شارەوە ڕیگەیان بۆ داگیرکردنی "کییەڤ"، پایتەختی دووەمی ڕووسیا دەکرایەوە.

## ٢) شارۆچکەی "بەندەر"

لە لاپەڕەی (٣٨)دا هاتووە:

"(مستەفا بەگ و) میری بەڕێز... محەمەد قۆجور بەگ، بەڕێکوپێکی و بەدەسەڵات و دارییەوە گەیشتبوونە شارۆچکەی «بەندەر» و لە پردەکەی پەڕیبوونەوە و خەیمە و بارەگایان لە نزیک یەکتر لێدابوو".

لە ژێرنووسی هەمان لاپەڕەدا سەبارەت بە شارۆچکەی "بەندەر" هاتووە:

"دەبێ شارۆچکەیەکی ناوچەکە، نزیک سنووری ڕووس بووبێت".

لەم گێڕانەوەی "شەمعی"دا، وا دەردەکەوێ کە ئەم شاروچکەیە دەبێ لە نزیکی قەڵای "چەهرین" بووبێت، بەڵام لە بەدواداچووندا بۆ دۆزینەوەی ئەم شاروچکەیە، بۆمان دەرکەوت کە لە ساڵی ١٥٣٨ی زایینی و لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا، هێزەکانی عوسمانی تەواوی میرنشینی "مۆڵداڤیا" داگیر دەکەن و لە شاری "تیگینا"(١٠) لەسەر ڕووباری "دنێستر"(١١)، قەڵایەک ساز دەکەن و ناوی شارەکە بۆ "بەندەر" دەگۆڕن، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی "شەمعی"، شارۆچکەی"بەندەر" نزیک بە ٤٠٠ کیلۆمەتر لە قەڵای "چەهرین"ـەوە دوورە. ئەم بەشە لە ڕووباری "دنێستر" لە کاتی شەڕی قەڵای "چەهرین" لە ساڵی ١٦٧٨دا، سنووری نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانەکەی خاننشینی کریمە بووە و ڕێک ڕووبەڕووی قەڵای "بەندەر" پردێک هەبووە بۆ پەڕینەوە بۆ لای ناوچەی خاننشینی کریمە.

کەوابوو شارۆچکەی "بەندەر" هەمان شاری "تیگینا"یە کە ئێستا کەوتووەتە نێو خاکی کۆماری "مۆڵداڤیا" و لەو سەردەمەدا میرانی کوردی ئەگیل و پالوو دەبێ ئەم ڕێگا دوور و درێژەیان تا بناری قەڵای "چەهرین" بڕیبێ.

## ٣) شارۆچکەی "بەند"

ڕەنگە مەبەست لە "بەند"، شاری "کارۆلینا-بۆغاز"(١٢) بێت لە سەرەتای باریکە وشکانێکی سروشتی لە باشووری شاری "ئۆدیسا"ی ئۆکراینیا کە دەریای ڕەش لە "(گۆلی) ئاوخۆری دنێستر"(١٣) جیا دەکاتەوە.

ئەم شارۆچکەیە لە ساڵی ١٧٧٠ی زایینیدا، وەک گوندێکی تەتەرەکان بە ناوی "بۆغاز" ناسراو بووە. هەر لە ڕێگەی ئەم گۆل و ڕووباری "دنێستر"ـەوە، ڕێڕەوێکی ئاویی هەیە بۆ شاری "بەندەر"، بۆیە ئەگەری زۆرە مەبەست لە شارۆچکەی "بەند"، هەمان "کارۆلینا-بۆغاز" بێت کە ئێستا کەوتووەتە نێو خاکی کۆماری ئۆکراینیا.

## ٤) ناوچەی "ئووزی سوو"

لە لاپەڕەی ٣٩ی "دوو ذەیل"دا هاتووە:

"مەلعوونێکی قەراڵی مۆسکۆ - کە ناوی «رمدانسقۆ» بوو. لەگەڵ سوپایەکی سێ چوار سەد هەزار کەسی کافراندا، خۆی لە ناوچەی «ئووزی سوو» ئامادەکردبوو".

لە ژێرنووسی هەمان لاپەڕەدا ئەنوەر سوڵتانی، "ئووزی سوو" بەهەڵە وەک ناوچە، ناودێر دەکات و دەڵێ: "ناوی



قەڵای بەندەر

شوێنێکە"، بۆیە لە پێشەکیشدا، "ڕمدانسقۆ"ی وەک "حاکمی «ئووزی سوو"ی سەر بە قەڕاڵی مۆسکۆ" لێک داوەتەوە(١٤)، یان لە شوێنێکی دیکەدا پێی وایە:

"... ئووزی سوو"- کە ناوچەیەکی بەردەستی «مسقو قەراڵ» واتە قەڕاڵی مۆسکۆ بووە و حاکمی «ئووزی سوو»، واتە «ڕمدانسقۆ» و سوپاکەی لەو شەڕەدا دەشکێن (دیارە قەراڵی مۆسکۆیش دەبێ ئیمپراتۆری ڕووس بێت)"(١٥).

ڕاستییەکەی، "ئووزی سوو (Özi Su)" ناوی تورکی ڕووباری "دنێپەر Dnieper"ە کە لە باکووری قەڵای "چەهرین" تێدەپەڕێ و تەتەرەکانی کریمەش پێ دەڵێن "Özü"(١٦)، بەڵام ئەو شوێنەی کە شەمعی پێی دەڵێ "ئووزی سوو" و لە باکووری قەڵای "چەهرین" هەڵکەوتووە، دوو شەڕ (لە ساڵانی ١٦٧٧ و ١٦٧٨ی زایینیدا) لە نێوان سوپای ڕووس بە فەرماندەیی "ڕمدانسقۆ" و سوپای عوسمانی تێدا قەوماوە. لە شەڕی یەکەمدا سوپای عوسمانی شکاوە، بەڵام "شەمعی" زۆر بە کورتی باسی تەنیا شەڕی دووەمی کردووە و لەم شەڕەدا سوپای عوسمانی سەرکەوتووە. ئێمە لە ڕوونکردنەوەی ناوی "ڕمدانسقۆ"دا، زۆرتر باسی هەردوو شەڕەکە دەکەین و بەگوێرەی سەرچاوە ڕووسییەکانیش ئاماژە بە ژمارەی سوپاکەشی دەکەین کە "سێ چوار سەد هەزار" نەبووە. ئەم شوێنەی ڕووباری "دنێپەر" (لەنزیک گوندی "بووژین")، باشترین شوێن بووە بۆ پەڕینەوەی هێزەکانی سوپای ڕووسیا لە باڵی چەپی ڕووبارەکە بۆ باڵی ڕاستی و نزیکبوونەوە لە قەڵای "چەهرین".

**٥) سەرکردەیەکی سوپای ڕووس بەناوی "ڕمدانسقۆ"**

بەڕێز ئەنوەر سوڵتانی لە ژێرنووسی لاپەڕەی ٣٩ی "دوو ذەیل"دا، ناوی "ڕمدانسقۆ"ی بۆ ساغ نەبووەتەوە، بەڵام باشی لێکداوەتەوە و دەڵێ: "دوور نییە وشەیەکی ڕووسی بێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت"(١٧).

میرزادە "گریگۆری گریگۆرەڤیچ ڕۆمۆدانۆڤسکی"، ناوی ڕاستەقینەی "ڕمدانسقۆ"یە کە لە سەردەمی "تزار ئەلێکساندەری یەکەمدا ١٦٤٥-١٦٧٦"، کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی بەناوبانگی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و فەرماندەیەکی ناسراوی سوپای ڕووسیا لە شەڕەکانی قەڵای "چەهرین" بووە.

وەک پێشتر باسمان کرد، شەمعی تەنیا باسی شەڕی دووەمی "چەهرین" لە ساڵی ١٦٧٨ی ز، دەکات کە سوپای دوو میرنشینی ئەگیل و پالوو بە سەرکردایەتی مستەفا بەگ (میری ئەگیل) و محەمەد قۆجور بەگ (میری پالوو) تێیدا بەشدار بووبوون، بەڵام هیچ باسی شەڕی یەکەمی نەکردووە کە لە ساڵی ١٦٧٧ ڕووی داوە و سوپای ڕووس بە فەرماندەیی "ڕۆمۆدانۆڤسکی"یش بەشدار بووە و سوپای عوسمانی تێکشکاوە.

لێرەدا بەگوێرەی سەرچاوە ڕووسییەکان هەندێک زانیاری سەبارەت بە گرینگی قەڵای "چەهرین" و هۆکاری گرینگیدانی زلهێزەکانی ناوچەکە بۆ داگیرکردنی ئەم قەڵایە، باس دەکەین.

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و "هاوپەیمانەتی پۆڵەندا-لیتڤانی"(١٨) (١٦٥٤-١٦٦٧) و واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی(١٩) لە ساڵی ١٦٦٧ی زایینی لە نێوانیاندا، خاکی ئۆکراینیا بەکردەوە دابەش کرا؛ ڕووسیا باسکی چەپی ڕووباری "دنێپەر"ی گرت و دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی، باسکی ڕاستی داگیر کرد. تەنیا ڕووبەرێکی بچووک لە دەوروبەری قەڵای "چەهرین" و ناوچەیەکی بچووکی "پۆدۆلیا" لە ژێر دەسەڵاتی میری ئۆکراینی، پێتەر دۆرۆشینکۆ مابووەوە. هۆکاری هەرە گرینگی کۆتایی هاتنی ئەم شەڕە تەنیا مەترسی بەهێزتربوونی هاوپەیمانەتی تەتەرەکانی کریمە و دەوڵەتی عوسمانی و هێرشە بەردەوامەکانیان بۆ سەر خاکی ئەم دوو دەوڵەتە نەبوو، بەڵکو سەرهەڵدانی میری ئۆکراینی "پێتەر

دۆرۆشێنکۆ"ش کە لە دژی ڕووسیا و پۆڵەندا-لیتڤانی، گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژاردبوو (ساڵی ١٦٦٦)، ئەم دوو دەوڵەتەی نیگەران کردبوو.

لەلایەکی دیکەوە عوسمانییەکان پاش کۆتایی هێنان بە شەڕ لەگەڵ "کۆماری ڤێنیزیا"(٢٠) لە "دوورگەی کرێت"(٢١)، ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان بۆ لای خاکی "هاوپەیمانەتی پۆڵەندا-لیتڤانی" دەگۆڕن و لە ساڵی ١٦٧٢دا، ناوچەی "پۆدۆلیا"(٢٢) داگیر دەکەن کە سەرەنجامەکەی ڕێکەوتنامەی ئاشتی "بووچاچ"(٢٣)ی لێ دەکەوێتەوە و دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی ئەم ناوچەیەی لە کیس دەچێ و میری ئۆکراینی، پێتەر دۆرۆشێنکۆ بەپێی ڕێکەوتنێک لەگەڵ سوڵتان محەمەدی چوارەم، دەبێتە حاکمی دەستنیشاندە و گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی لەم ناوچەیەش.

لێرەدایە کە ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا هەست بە مەترسی دەکات و پەرە بە دزەکردنی هێزەکانی لە ناوچەکانی باڵی چەپی ڕووباری "دنێپەر"دا دەدات. لە لایەکی دیکەوە ئەنجوومەنی یاسادانانی "پۆڵەندا - لیتڤانی" (سێم)، لە ساڵی ١٦٧٣دا، ڕێکەوتننامەی "بووچاچ" لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی یەکلایەنانە هەڵدەوەشێنێتەوە، بۆیە پێکدادان لە نێوان هێزەکانی ئەم دوو دەوڵەتەدا دیسان دەست پێ دەکاتەوە. هاوکات دانیشتوانی میرنشینی ئۆکراینی لە ناوچەی "چەهرین" لە باڵی ڕاستی "دنێپەر" کە لەژێر سەپەرشتی عوسمانییەکاندا بوو، لە هەڵسوکەوتی تورکەکان بێزار دەبن و بۆ لای ڕووسیا لار دەبنەوە، ڕووسیاش دەست دەکات بە داگیرکردنی باڵی ڕاستی "دنێپەر"(٢٤).

کەوابوو لە کۆتایی ساڵی ١٦٧٣دا، ململانێی سێ زلهێزی ناوچەکە، ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا (بە پشتبەستن بە بەشێک لە ئۆکراینییەکان)، دەوڵەتی "پۆڵەندا-لیتڤانی" (بەپشتبەستن بە بەشێکی دیکەی ئۆکراینییەکان) و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (بە پشتبەستن بە تەتەرەکانی کریمە و بەشێکی دیکەی ئۆکراینییەکانی ناوچەکە، هەروەها سوپای دوو میرنشینی کوردی ئەگیل و پالوو) بۆ داگیرکردنی باڵی ڕاستی ڕووباری "دنێپەر" دەست پێ دەکات و لەم نێوەدا قەڵای "چەهرین" دەبێتە خاڵی ستراتیژیک و گرینگی ئەم ململانێیە.

بەرژەوەندی لایەنەکانی ئەم ململانێیە بۆ داگیرکردنی قەڵا و ناوچەی "چەهرین" بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

* بۆ ڕووسەکان داگیرکردنی "چەهرین" گرینگ بوو، چونکە هەم دەسەڵاتیان بەسەر باڵی ڕاستی "دنێپەر" و ناوچەی "زاپاڕۆژیا"ی ئۆکراینیادا دەسەپاند (ئەم ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی سەرکردەی ئۆکراینی، "ئیڤان سێرکۆ"(٢٥) بوو کە بەردەوام کێشە و ململانێی لەگەڵ حاکمی ڕووسیا لە ناوچەی "زاپاڕۆژیا"ی باڵی چەپی "دنێپەر"دا هەبوو)؛ هەم لە لایەکی دیکەوە شاری "کییەڤ"یان دەپاراست کە بە پایتەختی دووەمی خۆیان دەزانی.

* دەوڵەتی "پۆڵەندا-لیتڤانی" بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا دەدا، بەمەرجێک میرنشینی "کییەڤ" و قەڵای "چەهرین" لە ڕووسەکان بستێنێتەوە.

* عوسمانییەکان، داگیرکردنی "چەهرین"یان وەک قەڵەمدارەیەک دەزانی بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی داگیرکەرانەی خۆیان بەرەو قووڵایی خاکی ئۆکراینیا.

* تەتەرەکانی کریمەش لەلایەک حەزیان نەدەکرد ئەم قەڵایە لە باکووری سنوورەکانیاندا وەدەست ڕووسەکان بکەوێ، لەلایەکی دیکەش لە هاوسێبوونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عوسمانییەکانیش دەترسان، بۆیە هەوڵیان دەدا قەڵای "چەهرین" خاپوور بکەن(٢٦).

بەڵام لەم نێوەدا، دیار نییە دوو میری کوردی ئەگیل و پالوو، "محەمەد قۆجور بەگ" و "مستەفا بەگ" چ بەرژەوەندییەکیان لە بەشداربوونیان لەم شەڕەدا هەبووە. ڕەنگە جگە لە "هەزاران جار ئافەرین و دەستخۆشیی ئەوانەی چاویان لە ئازایەتی "محەمەد قۆجوربەگ بوو"، یان "ئەسپێکی ڕەسەنی تیژڕەو" کە بە خەڵات (ئەویش وەک ئەنوەر سوڵتانی زۆر بەدروستی دەڵێ: نەک لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە، بەڵکو لەلایەن برادەری خۆی، مستەفا بەگەوە)(٢٧) پێگەیشتبوو، چی دیکەیان وەدەست نەکەوتبێت!

سوپای ڕووسیا لە ساڵی ١٦٧٤ی زایینیدا، بە فەرماندەیی "ڕۆمۆدانۆڤسکی" لە ڕەوتی پەرەپێدانی دەسەڵاتی بەسەر باڵی ڕاستی ڕووباری "دنێپەر"دا، قەڵای "چەهرین" گەمارۆ دەدا، بەڵام تووشی




بەرەنگاربوونەوەی حاکمی دەستنیشاندەی سوڵتانی عوسمانی قەڵاکە، "دۆرۆشێنکۆ"ی ئۆکراینی دەبێتەوە. پاش بەهانا هاتنی تەتەرەکانی کریمە و سوپای عوسمانی، گەمارۆی قەڵاکە تێکدەشکێ "ڕۆمۆدانۆڤسکی" پاشەکشە دەکات(٢٨).

لەم ململانێیانەدا، هەڵوێستی سەرکردەی ئۆکراینی "دۆرۆشێنکۆ" کە گەرەکی بووە بەیارمەتی دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، گەلێک سەرنجڕاکێشە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، "دۆرۆشێنکۆ" پەیمانێکی لەگەڵ سوڵتان محەمەدی چوارەم بەستبوو و پشتیوانی عوسمانییەکانی بۆ سەربەخۆیی لە بەرانبەر ئیمپراتۆریەتی رووسیا و دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی وەدەست هێنابوو، بەڵام سەرەڕای ئەم هاوپەیمانییە، هەڵسوکەوتی دڕندانەی سوپای عوسمانی لەگەڵ کۆمەڵانی مەسیحی ئۆکراینی کە وەک دیل و "کافر" ڕەفتاریان لەگەڵ دەکردن، ناڕەزایەتییەکی یەکجار زۆری لێ کەوتبووەوە و دەستە دەستە دانیشتوانی باڵی ڕاستی "دنێپەر" بەرەو باڵی چەپ کە لەژێر دەسەڵاتی رووسەکاندا بوو، دەرەویان و ڕێز و ناوبانگی "دۆرۆشێنکۆ" لەنێو هاونیشتمانانی تووشی کزی بووبووەوە. هاوکات لەگەڵ پاشەکشەی عوسمانییەکان لە ناوچەی "پۆدۆلیا" لە باڵی ڕاستی ڕووباری"دنێستر"، هاتنە سەر دەسەڵاتی "یان سۆبێسکی سێیەم"(٢٩) وەک پادشای پۆڵەندا-لیتڤانی کە گەلێک ئاسانکاری لە باج و ڕسوماتی بۆ دانیشتوانی ئەم ناوچەیە ڕاگەیاند؛ "دۆرۆشێنکۆ" سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئۆکراینیا بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی، کەوتە وتوویژ لەگەڵیدا. لێرەدا ڕووسیا کەوتە گۆمانەوە کە دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی خەریکە بە هاوکاری تورکەکان، باڵی ڕاستی ڕووباری "دنێپەر"یش داگیر بکات(٣٠).

لە بەهاری ساڵی ١٦٧٥دا، بە گەیشتنی یارمەتی لە لایەن تەتەرەکانی کریمەوە، "دۆرۆشێنکۆ" کۆتایی بە وتووێژەکانی لەگەڵ پۆڵۆنییەکان هێنا و لە لایەکی دیکەوە سوپای عوسمانی دیسان هێرشێکی بەربلاوی بۆ سەر دەوڵەتی پۆڵەندا-لیتڤانی دەست پێ کرد و بەبێ هیچ بەرەنگاربوونەوەیەک ١٩ شاری داگیر کرد و تا دەوروبەری شاری "لڤۆڤ"(٣١)، پێشڕەوی کرد. لێرەدا سەرەڕای توندوتیژی و بەربەستەکانی پۆڵەنییەکان و "دۆرۆشێنکۆ"، دیسان کۆچی بەکۆمەڵی ئۆکراینییەکان بەرەو ئەوبەری ڕووباری "دنێپەر" دەستی پێکردەوە، بۆیە لە مانگی سێپتەمبەری هەمان ساڵدا، هێزەکانی سوپای ڕووسیا بە فەرماندەیی "ڕۆمۆدانۆڤسکی" بۆ هێرش و داگیرکردنی باڵی ڕاستی "دنێپەر" لە ناوچەی "کانێڤ"، ئامادە دەبن(٣٢).

هەموو ئەمانە دەبنە هۆی نزیکبوونەوەی "دۆرۆشێنکۆ" لە ڕووسیا و لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٦٧٥دا، بەنووسراوە سوێندی وەفاداری بۆ تێزاری ڕووسیا ڕەوانە دەکات، بەڵام هاوکات خۆی لە ڕادەستکردنی قەڵای "چەهرین" بە هێزەکانی ڕووسیا دەدزێتەوە، سەرەنجام لە کۆتایی مانگی ئاب ی ساڵی ١٦٧٦دا، هێزێک لە سوپای "ڕۆمۆدانۆڤسکی" (١٥ هەزار سەرباز) بەبێ هیچ بەربەستێک دەگەنە دەوروبەری قەڵای "چەهرین" و چەند ڕۆژ دواتر زۆر بە ئاسانی بەرگری لاوازی هێزەکانی "دۆرۆشێنکۆ" تێکدەشکێنن و قەڵاکە داگیر دەکەن.

بەم شێوەیە ناوچەی "چەهرین" و "چێرکاس"یش دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و دەسەڵاتی "دۆرۆشێنکۆ"ی ئۆکراینی لە قەڵای "چەهرین" کۆتایی پێ دێت(٣٣).

**پەراوێزەکان:**

**١- دوو ذەیل، ل ٣.**

**٢- ١٧١٠- ١٧١٣، ١٨٥٣- ١٨٥٦، ١٩١٤-١٩١٨ی ز.**

**٣- ١٥٦٨ - ١٥٧٠، ١٦٨٦ - ١٧٠٠، ١٧٦٨ - ١٧٧٤، ١٧٨٧ - ١٧٩١، ١٨٠٦ - ١٨١٢، ١٨٢٨ - ١٨٢٩، ١٨٧٧ - ١٨٧٨ی ز.**

٤- ١٦٧٢ - ١٦٨١، ١٧٣٥ - ١٧٣٩ی ز.

٥- ئینسکلۆپیدیای مەزنی یەکێتیی سۆڤیەت، شەڕەکانی روس- تورک لە سەدەکانی ١٨ - ١٩ی ز دا.

٦- گێتمان بە ئینگلیزی (Headman)، بە مانای سەرکردە، بەو کەسانە دەگوترا کە فەرماندەی پێکهاتەکانی "کازاک"ـەکانی رووسی و ئۆکراینی بوون و کاروباری ناوچەکانی "کازاک"نشینی رووسیا و ئۆکراینیایان بەڕێوە دەبرد. دواتر ئەم واتایە وەک "ئاتامان" بەکار هاتووە.

٧- گوندی "بووژین". ساڵی ١٩٥٩ پاش سازکردنی بەنداوی "کرێمێنچووک Kremenchuk" لەسەر رووباری "دنیێپر"، دەکەوێتە ژێر ئاو.

٨- یافارۆڤا، ٢٠١٧، ل. ١٣٤ - ١٣٨.

٩- جگە لە "چیگیرین"، هەروەها بە "چیهیرین" هاتووە. بە ئینگلیسی Chyhyryn.، بە پۆلۆنی Czehrin، بەتورکی Çehrin.

10- Tighina

11- Dnister

12- Karoliono-Bugas.

13- Dniestr Estauary (Estauery (شوێنی تێکەڵبوونی ئاوی رووبار دەگەڵ دەریا/مصب/

١٤- دوو دەیل، ل ١٩.

١٥- هەمان، ل ٢٥.

١٦- ویکیپیدیای تورکی/Dinyeper

١٧- دوو دەیل، ژێرنووسی ل ٣٩.

١٨-Polnish - Lithuanian Commonwealth دەوڵەتێکی هاوبەش لە نێوان پاشایەتی پۆڵەند و میرنشینی مەزنی لیتڤانی بوو کە لە ساڵی ١٥٦٩ی زاییینیدا پێکهات کە پادشایەک فەرمانڕەوایی دەکرد. ئەم دەوڵەتە لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی زاییینیدا، بە رووبەری پتر لە یەک میلیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە و پتر لە ١١ میلیۆن ئاپۆرە، گەورەترین حکوومەتی ئەورووپا بوو و لە ساڵی ١٧٩٥ی زاییینیدا بەهۆی "سێیەم دابەشبوونی پۆڵەند"، دەسەڵاتی کۆتایی پێهات. (Brockhaus and Efron Encyclopedic Dictionary – مێژوو/پۆڵەند).

19- Truce of Andrusovo ڕێکەوتنامەی ئاندرووسۆڤ

20- Republic of Venice.

21- Cretan War (1645-1669).

٢٢- Podolia ناوچەیەکی مێژوویی بووە کە ئێستا دەکەوێتە باشووری رۆژاوای ئۆکراینیا، لەنێوان بەشی نێوەڕاستی رووباری "دینێستر"لە باکوورەوە، تاکو بەشی سەرووی رووباری "بووگی باشووری (Southern Bug)"

23- Tready of Buchach.

٢٤- فلۆریا، ٢٠١٦، ل ٧٦ - ٧٨.

٢٥- "ئیڤان سێرکۆ"، هەمان "سرکە" یان "سیرکە"یە کە لە "دوو دەیل"دا ناوی هاتووە. لە خاڵی ٦دا، پتر باسی دەکەین.

26- Brian Davies. 97-118.

٢٧- دوو دەیل، ل ١٩، ٤٠.

٢٨- کارگالۆڤ، ١٩٩٠، ل ٣٥٦ - ٣٥٧.

٢٩- Johan III Sobieski 1629-1696 بەناوبانگترین پادشای دەوڵەتی پۆڵەندا - لیتڤانی بووە و لە ماوەی ٢٢ ساڵ فەرمانڕەواییەکەیدا (١٦٧٤-١٦٩٦) دانیشتوانی دوو وڵاتی هاوپەیمانی پۆڵەندا و شازادەنشینی لیتڤانی لەوپەڕی ئاسوودەییدا ژیاون. ناوبانگی دیکەی ئەم پاشایە، سەرکەوتنی بەسەر هێزەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی لە ساڵی ١٦٨٣ لە دەروازەکانی شاری "ڤیەن"دا بووە. هەر بەم بۆنەیەوە پاپای ڤاتیکان، نازناوی "ڕزگارکەری مەسیحیەتی ئەوروپا"ی پێ دابوو.

٣٠- فلۆریا، ٢٠١٦، ل ٨٢ - ٨٣.

٣١- Lviv (بە پۆلۆنی و رووسی Lwow) ئێستا کەوتووەتە سەر سنووری نێوان ئۆکراینیا و کۆماری چیک.

٣٢- فلۆریا، ٢٠١٦، ل ٨٣ - ٨٧.

٣٣- کارگالۆڤ، ١٩٩٠، ل ٣٥٦ - ٣٥٧. // هەروەها: فلۆریا، ٢٠١٦، ل ٨٧ - ٨٩.